**دڵسۆز حەمە /**

# پەروەردەو تەندروستی گرنگترین و وێرانترین

وەختێك دەستاودەستكردنی دەسەڵات وئاڵوگۆڕی هێزەكان لە حوكومداری هەر كۆمەڵگایەكدا لە ڕێگای دەنگدانی ڕاستەقینە و هەڵبژاردنی ئازادانەی خەڵكەوە بێت ئەوا ئەوەی دەبێتە فاكتەری كۆكردنەوەی زۆرترین پشتگیری و زۆرترین دەنگی خەڵك بەرنامەی خزماتگوزاریەكانە، ئەو پرسانەیە كە پەیوەستن بە ژیانی رۆژانەی خەڵكەوە، قۆناغی ئێستای بەڕێوەبردنی كۆمەڵگەی كوردی، قۆناغی گوتنەوەی سرودی نیشتمانی و رستەی حەماسی نیە بۆ وروژاندنی هەست و سۆزی خەڵك، هەرچەندە هێشتا ئەمانەش ئامڕازگەلێكن كە حیزبەكان دەتوانن بۆ كۆمەڵگایەكی وەكو ئەوەی ئێمە كەڵكی لێوەربگرن و كاریگەری هە بێت لە بەر نزمی ئاستی هۆشیاری گشتی، لاوازی كەلتوی سیاسی دیموكراسی، حیزبایەتی لە فەرهەنگی ئێمەدا هێشتا نەبۆتە ئامڕاز بۆ ئامانجێكی ئیداری و كۆمەڵایەتی، بەڵكو بە تەواو بە پێچەوانەوە ئامانجەكان دەچنە خزمەتی بەهێزكردنی حیزبەوە هەربۆیە سستەمی ئیداری دەوڵەتداری لە كوردستاندا بەدەست چەندان قەیرانی ئیداری و سیاسی ویاسایی قوڵەوە دەناڵێنێت. ئەوەی لەمەودوا یەكێتی و پارتی دەبێت حیسابی لەسەر بكەن ئەو هاوڵاتیە سادەو ساكارەیە كە دەچێتە بەر سندوقەكانی دەنگدان، نەك هاوڕێ و هەڤاڵ و موچەخۆر و موسفتەفیدەكانی بەر سێبەری حیزب و دەزگا جۆربە جۆرەكانی.

ئەزمونی هەڵبژاردنەكانی ساڵی ٢٠٠٩ سەرەتای ئەو وەرچەرخانە سیاسی و حیزبیە بو كە میكانیزمی هەڵبژاردن و دیموكراسی لەگەڵ خۆیدا بەرهەمیان دەهێنێت، بەرنامە و خزمەتگوزاری دەبێت چارەونوسی هێزێك دەستنیشان بكات نەك تواناى سەربازی و ماددی و زۆریی ئەندامەكانی، ئەو مۆدێلەی حیزبایەتی بەرجەستەی هەبوونی دەسەڵاتی تۆتالیتار و كۆمەڵگەی نادیموكرات دەكات.

هیچ وڵاتێك هێندەی عێراقی سەردەمی بەعس سرودی نیشتمانی و حەماسی تێدا نەوترا، هیچ وڵاتێك هێندەی فەزای عێراق بە سەربازی و سیاسی نەكرابو كەچی هیچ كۆمەڵگەیەكیش وەكو ئەوەی عێراق دوچاری كارەسات و ماڵوێرانی و مەینەتی زۆر نەهات.

هەڵبژاردنەوەی (بێل كلنتۆن) بۆجاری دووەم لە ١٩٩٦دا لەبەر بەرنامەكانی بوو لە بواری تەندروستی و پاراستنی خێزان، زۆربەی ئەوانەی دەنگیان بە ( كلنتن) دابو ژنان بون، هەمیشە هەڵبژاردن لە كۆمەڵگە دیموكراتەكاندا ململانێیە لەسەر خزمەتگوزاریەكان، بەتایبەتی پەروەردەو تەندروستی و ئاسایش و باج.
ئەوەی لە كوردستاندا وێرانترین سیكتۆرە و رۆژبەڕۆژ دوچاری داڕمان و قەیرانی قوڵتر دەبێتەوە هەردو كەرتی پەروەردەو تەندروستیە، ئەم دو سێكتورە زۆر گرنگەی كە راستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانی گشتیەوە، ئەو دوو سێكتۆرەی كە ئێستا و داهاتوی كۆمەڵگای پێوە بەندە.

ئەو هەواڵ و کارەساتە تەندروستی و چیرۆکە تراژیدیانەی لە نەخۆشخانەو کەرتی تەندروستیدا روودەدەن کارەساتێکی گەورەیە لەوەش کارەساتتر ئەوەی لەم کەرتەدا بەردەوام روودەدات گۆڕینی ناوی وەزیرەکانە نەك سیستەم و شێوازی خزمەتگوزاریەکان و شۆڕبونەوەی بۆ ناو ژیانی خەڵك.

هەمو تاکێکی سادە لە گرنگیی و هەستیاری پەروەردەو دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردن تێدەگات بۆ هەستانەوە بیناکردنی کۆمەڵگە، بەڵکو هەمو شۆڕشێك لە مێژودا هەڵگری فەلسەفەیەکی زانستی وستراتیژیە بۆ بواری پەروەردە، لەدوای هەمو شۆڕشێك فۆرمێکی نوێ و گۆڕانی ریشەیی لە پەردوەردەدا روودەدات، بەڵام پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە وڵاتی ئێمەدا لە فەوزایەکی گەورەدا بەرهەمدێت کە ئەمانە بە دیوێکدا بەرجەستەی فەوزایەکی ئیداری و سیاسین بە دیوێکی تردا بەرجەستەی نەبونی دیدێکی سیاسی و زانستی داهاتوبینە لە خەیاڵی ئەو هێزە سیاسیانەی ئێمەدا بۆ پرسی پەروەردەو فێرکردن . بەڵکو هەڵوەشانەوەی رێکەوتنی ستراتیژی یەکێتی و پارتی بگۆڕێتە ململانێیەکی شارستانی و دیموکراسیانەی بەرنامەی هەڵبژاردن لەسەر پرسی خزمەتگوزاریەکان!!

سەرچاوە: هەواڵ

**13 October 2012**